هەرێمی کوردستـــــان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـران
## ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٧/٢٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمــوارکراو، و لەبەر ڕۆشـــنایی کۆنووســی کۆبـــوونەوەی ئاســـایی ئەنجـــومەنی وەزیـــران ژمـــارە (٢) لە ٢٠١٩/٧/٢٢، بڕیاردرا بە:

١. دەستنیشـانکردنی هەریەك لە بەڕێزان (سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران، جێگری سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران، وەزیـری نـاوخۆ، وەزیـری دارایی و ئـابووری) بـۆ نـوێنەرایەتیکردنی هەرێمی کوردسـتان لە لیـژنەی بـاڵای هـاوبەش بـۆ دەسـتپێکردنی دانوستان و گفتوگۆکردن لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.

٢. ڕاسـپاردنی بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ بـۆ پەیوەنـدیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەنـدیـدار لە حکومەتی فیـدراڵی بە مەبەسـتی زیادکردنی بەڕێز وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵی بۆ لیژنەی باڵای هاوبەشی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سـەرەوە هاوتای بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لەبەر گرنگی ڕۆڵیان لەم بارەیەوە.

٣. هەردوو بەڕێزان سـەرۆکی دیـوانی ئەنجـومەنی وەزیـران و سـکرتێری ئەنجـومەنی وەزیـران لە ڕووی تەکنیکی و قـانونی و داراییەوە هەماهەنگی لیژنە باڵا هاوبەشەکە دەبن.

٤. ڕاسـپاردنی وەزیـرە بەڕێزەکـان و سـەرۆك دەسـتەکان و سـەرۆکی لایەنەکـانی نەبەسـتراو بە وەزارەت بە مەبەسـتی ئامادەکردنی دۆسێی هەر وەزارەت و دەستە بە جیا بە زانیاری و دۆکیومێنت و ژمارەی پێویست سـەبارەت بەو تەوەرانەی وەزارەتیان کە پەیوەندیدارن بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی کە تیایدا خشـتەی زانیاری و ژمارەکان بخرێنەڕوو لەگەڵ پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشـانە و دەسـتنیشـانکردنی چوارچێوەی دەستوری و قانونی و ڕەوانەکردنی ئەو دۆکیومێنت و زانیاریانە بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٥. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران